پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە فرۆشتنی (حەبەل حوبەلە:حبل الحبلة)

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە فرۆشتنی (حەبەل حوبەلە:حبل الحبلة)؛ ئەمیش جۆرە فرۆشتنێک بوو لە جاهیلیەتدا خەڵکی ئەنجامیان دەدا، پیاوێک گۆشتی وشترێکی سەربڕاوی دەکڕی (نرخەکەی نەدەدا) هەتاوەکو وشترەکەی بێچووی دەبێت، وپاشان بێچووەکەش (گەورە ببێت) وبێچووی تری ببێت». ووتراوە: (ئەم فرۆشتنە بریتیە لە): کەسێک وشترێکی بەتەمەن دەفرۆشێت بەرامبەر بێچووەکانی (بێچووی) نێو سکی وشتری کڕیارەکە (واتا: ئەو وشترە بەتەمەنە دەفرۆشێت بەرامبەر نەوەکانی ئەو بێچووەی لە نێو سکی وشتری کڕیارەکەدایە).

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

حەبەل حوبەلە:حبل الحبلة) لە فرۆشتنە حەرامکراوەکانە لە ئیسلامدا، ودوو ڕاڤە بۆ مانای ئەم جۆرە مامەڵە کراوە:) 1/ بە مانای ڕاگرتن (هەڵپەساردن) دێت، واتا پیاوێک شتێک بفرۆشێت بە نرخێکی دواخراو بۆ ماوەیەک هەتاوەکو وشترەکەی کەسی بەرامبەر بێچووی دەبێت، وپاشان بێچووەکەش بێچووی تری دەبێت، نەهی لەم جۆرە مامەڵە کراوە چونکە ماوەی دانەوەی نرخەکە نەزانراوە، وکورتی ودرێژی ماوەکە کاریگەری هەیە لەسەر نرخەکە. 2/ بە مانای فرۆشتنێکی شتێکی نەبوو و نەناسراوە، بۆ نمونە کەسێک شتێک دەفرۆشێت بە کەسێک بەرامبەر وەچەی بێچووی سکی وشترێک، ئەم مامەڵە نەهی لێکراوە چونکە زیانی زۆر و نادڵنیایی تێدایە، ئایا نێرە یان مێیە؟ ئایا یەک یان دوو بێچووە؟ ئایا دەمرێت یان دەمێنێت؟ وماوەی بەدەستهێنانی نەزانراوە، وئەم جۆرە فرۆشتنە نەزانراوانە، زۆر زیان وناکۆکی تێدەکەوێت. واتا مەسەلەکە چوار شێوەی هەیە: 1/ فرۆشتنی بێچووی نێو سکی وشترەکە. 2/ فرۆشتنی وەچەی بێچووی نێو سکی وشترەکە، وئەم گرێبەستە زیاتر لەوەی یەکەم نەزانراو و نەناسراوە. 3/ فرۆشتنی شتومەکەکە دوا بخات، واتا ئەو ماوەیە دوا بخات کە شتومەکەکە دەبێتە مووڵکی کڕیارەکە هەتاوەکو وشترەکە بێچووی دەبێت، یان بێچووی سکی وشترەکە وەچەی دەبێت. 4/ فرۆشتنەکە کۆتایی پێهێندراوە، بەڵام بە نرخێکی دواخراو بۆ ماوەیەکی نەزانراو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5854